کزەی دەروێشێکی سەرهەڵگرتو

ئەحمەد کوڕەجوتیار

22/1/1998

پێشکەشە بە هونەرمەند بەهجەت یەحیا

لە خانەی خەفەتا ئەمشەو
سەرم بە گێژەڵوکەی خولیای ئەشقمەوە ئاڵبوو
سواری ئەسپی خەیاڵم بووم
ڕێگەم کەوتە دەروێشێکی
ژان هەڵگرتوو
لە یانەیدا هەڵتووتابوو
دەروێش لەتەک زیکری خودا
جگەری خۆی هەڵدەقرچان
کڵپەی هەناسەی بوو
هۆن هۆن
لە چاوەکانیەوە دەڕژان
پەنجەکانی وەک نەیجەی ناو ئاوو
بەسەر پشتی دەفێکەوە هەڵدەلەرزی
کولوی ڕیشی بوو
دانە بەدانە و موو بە موو
شۆڕاوگەی عەرەقی ڕووی بوو
زیکری ئەمشەو ، زیکری
هەتوانی خودا بوو
کوڵی گەرمی عیسا بوو
لەسەرخاچ
سوومتاکی ویژدانی شاهانی
گومڕا بوو بۆ تەخت وتاج
زیل و بەمی ئەڵقەکانی دەف
یاران ئەمشەو
ئەوینی یەزدانی یان
لەدەم دەروێش دەسەندەوە

باڵندەی ڕووحی پیرۆزیان

لەگەڵ چەپکە گڕی سۆزیان

بەرەو ئاسامن هەڵدەفڕین

ئەمان دەگرین

فریشتەی عەرشی ئەعالش کوڵ دەیگرتن

سا دێوانە تۆبی

عەشقی مەوالی عەشقت

تۆزێ لەو هونەری گریانەم فێرکە

فێرم کە چۆن گۆرانیی فرمێسک بچڕم

فێرم کە چۆن وەک دمەی دەفەکەت کوڵ مبگرێ

فێرم کە چۆن زنجیرەی دەزولەکانی مێشکم

وەک هاڕەی زریزەکانی دڵی دەفت بزریکێنێ

سادەرویێش گیان بەنگەوازێ

تۆ شنەی شیپوری ووالّتی خەمی

لەناو پەیکەری جەستەمدا

نەمامێکم بۆ بنێژە

دنیای ڕۆحم ، وەک دنیای فراوانی ڕۆحی خۆت بهەژێنە

قەسەم بەخوا بەستەکانت

چەشنێ لە الم کاریگەرن

کەدەیبیستم گشت ئەندامم

گڕ دەسەنێ

دەسا تۆبی و مەوالت

هەیکە لەو کاروانی الهوتیە

دەرویێش

سەراپای هەستم تەیکە

سەرگەردی دەست و پەنجەت بم

لێدە تاوێ ، لەو نەغمە پڕ خرۆشە

درەختی الوازی عومرم

یەکجارەکی

لە ڕیشەوە ڕابکێشە

پێش کەشی کە بە کەشکۆڵی بەرکەمەرت
ڕەوانەی کە بۆ بەرمیهری
خواوەندی باڵی سەروەرت
من کەمەنکێشی لەرەی
دەفەکەی تۆم و
تۆ موریدی عەشقی
تۆراوی منی
لەوکاتەوە تۆم ناسیوە
مەشق لەسەر رسودی گریان دەکەم
چاوم هەورە و ڕەهێڵەی بەهاری دەبارێنێ
وەنەوشەکان تینوویانە
با بەکوڵ هەنسکێ بێنێ
گڵینەی خوێن لە ئامێزی کۆڵەوارم
کەمێک ئەشکی بوەرێنێ
چ قەیدە تاوێ
برژێ شەپۆلی الفاوێ
بۆچیمە چاوێ گەر بۆ زیکری
ئەم ساتە نەبێ ، دەروێش
بەدەم زیڕەی زنجیرەکانی دەفەکەتەوە
هەناوی گەرمم ، نم نم
هارمۆنیی نەرمی نەتکێ
دەسا دەروێش تۆبی و خودا
بەهێڵ بە هێڵی دەمارەکامنا
بگێڕە کەمێ
بەو بەستەی بەزمی حەیا حو
بگرە کۆڕێ
با لە قەیرانی غەم دەرچم
بچمە عالەمی باڵوە
سەرم بە چواردیوارێکی
بێ سنووردا ئاڵوە

گیرماوم ، دروشمەکان
ڕەش دەچنەوە لەبەر چاوم
هەستە توو ئەوینی پاکت
دەرم بێنە لەم زیندانە
ئەوەتا هزری خام
یاری بە هونەری بێگەردەوە دەکات و
کەلتور لەدەریایەکی مەنگدا
خۆراکی جەنگە
حوتی غالیب و مەغلوب
هەڵامندەلوشێ
ئاین و زانست و نەتەوە و ووڵات
وێردی سەر زمانن ، وەلێ
ملی هەرکەس بگری
خڵتەی درۆی لێ دەبارێ
نان گرانی وشەی شەرمە و
ماف لە بازاڕی هەرزانیدا
سەر و سەودایی گەرمە
دەسا دەروێش ، تێهەڵکە مەقامێ
گۆی مەیدانم بۆ جۆشدە
لەتەک فەغانی ئەم جارەت
هەستی نوستووشم خرۆشدە
هەرزەگۆیان ، زیاد لە سنوور
سنووری مەرجیان سووتانم
بە نەغمەیەکی ئاڵ ئەمشەو
وەک ماران گەستە
کەمێک مەستم کە دەروێش